ئەی ئوسامە، کوشتت پاش ئەوەی ووتی: (لا إلهَ إلَّا اللهُ)؟

ئوسامەی کوڕی زەید -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە مەفرەزەیەك ناردینی بۆ سەر تیرەی (حروقات) لە هۆزی (جوهەینە) دەمەوبەیان گەیشتینە لای کانیاوەکانیان، (کەوتبوونە جەنگەوە وشکاندبوونیان) ئوسامە دەڵێت: من وپیاوێکی ئەنساڕی بە دوای پیاوێکەوە بووین کاتێک گەیشتین پێی، ووتی: (لا الەالا الله)، ئەنساڕیەکە وازی لێی هێنا ونەیکوشت ومن بە ڕمەکەم کوشتم، کاتێک هەواڵی ئەم ڕووداوە گەیشت بە پێغەمبەری خودا، فەرمووی: «ئایا کوشتت پاش ئەوەی ووتی (لا اله الا الله)»، بەردەوام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەر ئەوەی دەوتەوە بەسەرما هەتا خۆزگەم خواست کە ئەو ڕۆژە موسڵمان نەبومایە. لە ڕیوایەتێکدا: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا کوشتت پاش ئەوەی ووتی (لا اله الا الله)»، دەڵێت: ووتم ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ڕاستیدا ئەو لە ترسی چەکەکە وای وت،. فەرمووی: «ئایا دڵت لەت کرد تا بزانیت لەبەرئەوە وتوویەتی یان نا»، بەردەوام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەی دەوتەوە بەسەرما هەتا خۆزگەم خواست کە ئەو ڕۆژە موسڵمان نەبومایە. جوندوبی کوڕی عبدالله -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سوپایەکی لە موسڵمانان نارد بۆ سەر تیرەیەک لە موشریکەکان، لەوێ بەرامبەر بەیەك ڕاوەستان، پیاوێك لە موشریکەکان هەر کە نیازی کوشتنی موسڵمانێکی بوایە پەلاماری دەدا ودەیکوشت، یەکێک لە موسڵمانەکان بێئاگایی ئەو پیاوەی قۆستەوە وپەلاماریدا، واش قسەیان بۆ کردووین کە ئەو پیاوە ئوسامەی کوڕی زەید بوو، کاتێک شمشێری لێ ڕاکێشا موشریکەکە ووتی: (لا إله إلا الله)، بەڵام هەر کوشتی، ئینجا هەواڵدەر خۆی گەیاندە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش پرسیاری لێکرد و وەڵامی دایەوە هەتا هەواڵی ئەو پیاوەشی دایە (واتە هەواڵی ئوسامە کە چی کردووە)، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- بانگی کرد وفەرمووی: «بۆچی کوشتت؟»، ئوسامە ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئازاری دەگەیاند بە موسڵمانەکان، فڵان وفیساری کوشت وناوی چەند کەسێکی ووت هەر بۆیە منیش پەلامارم دا وکاتێک چاوی بە شمشێرەکە کەوت ووتی: (لا إله إلا الله)، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی:«ئایا کوشتت؟»، ووتی: بەڵێ، فەرمووی: «ئەی چی دەکەیت لە (لا إله إلا الله) ئەگەر بێت لە ڕۆژی قیامەتدا»، ئوسامە ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە، فەرمووی: «ئەی چی دەکەیت لە (لا اله الا الله) ئەگەر بێت لە ڕۆژی قیامەتدا»، ئیتر بەو شێوەیە هەر دەیفەرموو: «ئەی چی دەکەیت لە (لا اله الا الله) ئەگەر بێت لە ڕۆژی قیامەتدا».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە بە گێڕانەوەی خۆی - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە سەرکردایەتی ئوسامەی کوڕی زەید مەفرەزەیەکی نارد بۆ سەر تیرەی (حروقات) سەر بە هۆی (جوهینە)، کاتێک گەیشتن پێیان ودەستیان کرد بە ڕووبەڕووبونەوەیان، پیاوێک لە موشریکەکان ڕایکرد، وئوسامە وپیاوێکی ئەنساڕی شوێنی کەوتن بۆ ئەوەی بیکوژن، کاتێک گەیشتن پێی ووتی: (لا إله إلا الله)، ئەنساڕیەکە وازی لێهێنا کاتێک شاهێدی هێنا، بەڵام ئوسامە کوشتی، کاتێک گەڕانەوە بۆ مەدینە، وئەم هەواڵە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ئوسامەی ووت: (ئایا کوشتت پاش ئەوەی ووتی: لا إله إلا الله؟)، ئەویش ووتی: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا؛ وای ووت بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لە کوشتن، پاشان هەر فەرمووی: (ئایا کوشتت پاش ئەوەی ووتی: لا إله إلا الله؟)، ئەویش ووتی: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا؛ وای ووت بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لە کوشتن، مسوڵمانانی ئازاردا وفڵان وفڵانی کوشت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: ئایا دڵیت لەت کرد بۆ ئەوی دڵنیا بیت لەسەر نیەتەکەی؟ ئایا چی دەکەیت لە (لا إله إلا الله) ئەگەر بێت لە ڕۆژی قیامەتدا، ئایا کێ شەفاعەتت بۆ دەکات لە کاتێکدا ئەگەر وشەی تەوحید (یەک خوا پەرستی) بێت، وبێت بووترێت: چۆن کەسێکت کوشت کە شاهێدی بەم وشەیەدا؟ ئوسامە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەتا ئاواتەخواز بووم پێش ئەو ڕۆژە مسوڵمان نەبوومایە، چونکە ئەگەر کافر بوایە وکوشتنی ئەنجامبدایە ئەوا خودا لێی خۆش دەبوو، بەڵام ئێستا ئەو کردەوەیەی ئەنجامدا لە کاتێکدا مسوڵمانە.

